www.kurdistannet.org
30-5-2006 18:57بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەست لە کار کێشانەوە: محەمەد عەبدوڵڵا (سەرنووسەری گۆڤاری زانکۆی نوێ)



دوای ئەوەی مەودای ئازادییەکان لەبەردەم کاری پیشەییمدا تەسکتر کرایەوە، دوای ئەوەی گۆڤاری (زانکۆی نوێ) کە راگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدن دەری دەکات و (12) ژمارەی لێدەرچووە، لەسەر رەزامەندی بەرێز "سەرۆکی زانکۆ"ی خاوەن ئیمتیاز (ئەتك کراو) بەبێ ئاگاداری من دوالاپەڕەی هەر دوو هەزار دانەی دوایین ژمارەی گۆڤارەکە لێکرایەوە، پاشئەوەی لەبەرانبەر هەڕەشەی (سکرتێر) ەکەی بۆ من، بەرێزیان هیچ هەڵوێستێکی نەنواند، ئەمە وێرای ناحاڵیبوون لە سروشتی پیشەی رۆژنامەگەری و کاری راگەیاندن، بۆیە کارکردن لە کەشێکی وادا لە مەحاڵ دەچێت، بۆئەوەی لەبری سەرشۆڕکردنی خامەکەم سەرم بەرز بێت، لەجیاتی پیاهەڵدانی درۆ بە شان و باڵی زانکۆ نووکی خامەکەم تیژتر بکەم بەمەبەستی زانکۆیەکی پێشکەوتووتر، بە پێویستم زانی دەست لەکاری سەرنووسەری گۆڤاری (زانکۆی نوێ) هەڵبگرم، کە یانزە ژمارەیە لێبڕاوانە، ماندوبوون و شەونخوونیم لەگەڵی کێشا. لەگەڵ رێزمدا..

2006/5/29